## منداڵەکە ... شیعری عەبدول شارباژێڕی

ئەی بۆرژوا
ئەومناڵەی کەپێی ئەڵێی:
بەسەهەتیو بۆچی ئەگری؟!
منالی کرێکارێکە
لەدوێنێوەئاوا ئەگری
وا ساڵێکە
باوکی لەماڵ ڕاکشاوە
کاتێ سواغی
دووقاتێکی بەرزی داوە
لەو هەزاران قاتقاتانەی
نموونەی وەکو تۆی ڕەنج مژ
لەسەر ڕەنجی
هاوچینەکانی باوکی ئەو
پێکیان ناوە
لەسەر پەیژەترازاوە
ئازای لەشی تیکشکاوە
بەو گریانەداوا ئەکا
دایکی بڕوا لەبازاڕا
لەبوکەشوشەو پاسکیلی
منالی تۆی بۆ پەیاکا
دایکی چی بکا؟!
خۆ حەز ئەکا
هەردوو چاوی خۆی دەربێنێ
بوکەشوشەو پاسکیلەکەی
مناڵەکەی پێبسێنێ
بەڵام چیبکا؟
بەڵام چیبکا؟!
گیرفانەکانی خاڵییە
دایکی هەژار
هەر ئەوەندەی لەتوانایە
دەستی داوای ئەو درێژکا
لەناو گیرفانی دەروونیا
هەناسەی ساردی پێ کێشکا
داینێ لەپێش چاوی ئەوا
* * *
مناڵەکە

مەگری ئەوەوشەی من و
ئەبێ بەبوکەشوشەی تۆ
ئارام بگرە
مەگری ئەوەوشەی من و
ئەبێ بەپاسکیلەکەی تۆ
ئارام بگرە
منالەکە
مەگری مەگری
ئەوەقەمەی شیعری من و
ڕەو زۆردار هەڵی بگرە
ئەوەقەمەی شیعری من و
بەڕووی زوڵما هەڵی بگرە

یەکی ئایار 1989